# ئازادی خوێنکاران و لاوان بەندەبە سیكۆلاری دەسەڵاتەوە

**بەشدار عەلی**

Bashdar_net@Yahoo.Com

لەم نوسینە كورتەدا نامەوێت لە پێناسەكانی لاوان وخوێندكاران و ئەركەكانیان لە نێو كۆمەلگاو لە ناوەندەكانی خوێندن بدوێم ( ئەمەیان لە دەرفەتێكی تر باس دەكەم ) ئەوەی گەرەكمە چەند سەرەقەلەمێكە لە بەدیل وڕێگا چارەی ئەحزاب وئایدۆلوژیا و بزوتنەوە جیاوازەكان بۆدەرچوون لەم هەموو كێشەو گرفتانەی كە توێژی خویندكاران ولاوان وەكو توێژێكی ئەكتیڤی نێو كۆمەلگا دووچاری بوونە . ئاشكرایە بەبێ مافی و نایەكسانی , برسێتی وهەژاری بێ خانەولانەی وئاوارەیی , هەڵاو ردنی جنس و رەگەزی ومەزهەبیو بەرتەسكردنەوەی ئازادیی یە فەردیی ومەدەنیەكان و وەكالەت كردن لە شەخصیترین كاری ئینسانەكان وناچاركردنیان بۆ مل دان بە نائینسانی ترین یاساو دەستوور لە قوتابخانەو دائیرەكان ,لە شۆستەو جادەكان , لە پارك وشوێنە گشتیەكان ,لەو ,لەو ,...... هتد كراوەتەوە كارێكی ئاسایی وڕۆتینی بۆسەرجەم خەلكی كوردستان لەم نێوەندەشدا خوێندكاران ولاوان بەشی شێریان لەم گوێرەوەریانە ئەحزابە ناسیونالیستەكان وئیسلامیەكان قوتابیان ولاوان بەسەری ڕمی شۆڕش و ڕێزی پێشەوەی شۆڕش وهێزی پاراستنی ئاو وخاك ونەتەوەو هێزی پاراستنی ئاینی ولاـ دەناسێنن . ئەمانە نەك لەگەڵ حەزو خۆزگەكانی لاوان یەكنا گرێتەوە بەلكو ڕێك دژی سەرجەم حەزو ئاوات وئارەزووەكانی قوتابیان و لاوانە وئیهانەیەكی گەورەشە بە ژیانی كەیفی ئەم مەملەكەتە.

دورست بوونی چەندین ڕێكخراوو كۆمەلەی قوتابیانەو لاوانە و گەبخانە لەلایەن ئەم ئەحزابە ناسیونالیستی وئیسلامیانە چگە لە گواستنەوەی كۆپی كردنی ئەم سیاسەت و بیرو باوەرو نادورستانە بۆ نێو بیرو هیزی قوتابیان و لاوان هیچی تر هنەبووە , تەنانەت زۆر لەم كۆمەلە ورشێكخرلوانەی سەربەم حیزبانە (( بە هێزكردنیی بیرو باوە{و خورافیاتی ئاینی )) كردو یەتیانە دورشمی سەرەكی ڕێكخراوەكانیان و زۆر بێشەرمانە لە كۆڕو كۆبونەوە و بڵاوكراوە سیاسیەكانیان هەستی هەزارەها لاوی وەكو منی پێ بریندار دەكەن . ئازادی عیشق و ئەویندارى وخۆشەویستی نێوان كچ وكوڕەكان كە كاری تایبەتی هەر ئینسانێكە هیچ كەسیچك بۆی نیە دەست لە كارو بارەكانیان وەربدات و فشاریان بۆ بمێنێ , لە ژێر دەسەلاتی ئەم حیزبانەو قانونە ئیسلامیەكان قەدەغەكراو هەر كوڕە كچیچك ئەمرۆ بەیەكەوە بیندرابن بۆ بەیانی بردووتیانە بۆ گرتووخانەو نە خۆشخانە لیچكولینەوەیان لەگەلدا كراوە فحص كراون . دواتر یاخود بەدەستی كەس وكاریان كوژراون ویاخود ناچار بە خۆ كوژی و خۆسوتاندن كراون . بۆیە ئێستا توێژی لاوان و خویچ1ندكاران تابلێ ی توێژێكی تورەو تاڕەزای یە دەتوانم بلێم توێژێكی باخین , یاخین لە ئە حزابەكان , تۆڕەن لە دەسەڵاتەكانیان , تورەن لە دەسەلاتی بیروكراسی ئیدارەكان و قانونە ئیسلامیەكانیان , تورەن لە قول بوونەوەی كێشەی قەومی .

لەنێو کۆمەلگاو کە ئەم حیزبانە ئاگری بۆ خۆش دەکەن برەوی پیٚ دەدەن بۆ ئەوەی خەلك یەکگرتو نەبن و بەئارەزووی خۆیان بۆ سیاسەتە گەندەنەکانی خۆیان بەکاریان بهێنن .کۆچی بێشوماری لاوان بەرەو هەندەران بۆ ئەوەی کەسێك بە حەزو ئارەزوو هیواکانی بگات سەرباری هەزارو یەك سانسورو ڕێگری و تەنانەت لە ناوچوونی خودی خۆشی تورەی ویاخی لاوان دەسەلمێنیٚ .
کە تائیستاش قوتابی دوای تەواوکردنی خوێندنی بەدوای گونجاوترین وشیاوترین ڕێگا دەگەرێت بۆ ڕزگاربوون لەم جەهەنەمو مەرگەساتە و ڕێگای هات و نەهاتی گۆچ بەرەو هەندەران دەگرێتەبەر .لە فەلسەفەو ئایدۆلۆژی ناسیونالیستی ئیسلامی , هەمووئەم نەها مەتیانەی کەبەسەر لاواندا هاتووە کە نوقمی لە گێژاو دەست بۆ هەرکارو پرۆژەیەك دەبەن لەبەردەستیان دەبێتە خۆلْ و بیٚ هیوا دەمینێنەوە و شانازی پێوەدەکرێت ووەکوئەرکێکی نەتەوەی وئاینی بەرەو پێش دەبەن . بەلاّم لەم نێوەنەدا بەرنامەی کۆمۆنیستەکان وبەرنامەی (حكك) موجودە , دنیایەکی باشتر ئاوێتەی بالاّ نوێنی سەرجەم خواست و خولیا وئاوات و ئارەزووەکانی لاّوانە , لەبەرنامەی ئێمەدا لاّوان و قوتابیان نەسەری ڕمی شۆڕش ونەهەلگرسێنەری شۆڕش و نهە هێزی پاراستنی نەتەوە وئایینە ,بەلکو لاوان هێزی گۆڕینی کۆمەلگان لەم نایەکسانی و نا عەدالەتیەی کەبەسەر کۆمەلگادا هاتووە , لاوان و قوتابیان هێزی فراوانی کۆمەلگان کە ئەم جەهل و خورافیاتەی کۆمەلگایان پێقبول ناکرێت , لاوان خاوەنی گەورەترین حەزو ئارەزووی ئینسانی وپێشکەوتوون وەهیچ پێوەرێك ناتوانێت پێوەری خەونە جوانەکانی لاوان بکات , دەبێت لە تەواوی حەزو ئارەزوو خۆش و نازو نیعمەت و ریفاهیەتی دونیایی مۆدیرن بەهرەمەندبن , بێگومان ئەم دونیایە تەنها بە دەستەوەگرتنی (( دونیایەکی باشتر )) وەکو کل کلەی خەباتی خۆمان دەبێتە ئەمری واقیع ئەم دونیایە چەندە گەوەرەیە بە دەستەوە گرتنیشی هێندە ئاسانە. هەر ئەو هەزارەها کچ وکوڕە لاو ە ناڕازیی ی لە زانکۆو پەیمانگاو بازاڕو دائیرەو شوێنەگشتیەکان و گازینۆ و سەنتەرەکان دەتوانن لەژێر چەتری بەرنامەی ((دونیایەکی باشتر )) بەم دونیا بگەن .